ئەندامێکی لیژنەی دارایی : بەغدا بەردەوام دەبێت لە پێدانی مووچەی کارمەندانی هەرێم

موعین کازمی ئەندامی لیژنەی دارایی نوێنەرایەتی جەختیکردەوە کە حکومەت مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لە پشکی هەرێم لە بودجەدا دەدات.

کازمی لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی (موتەڵع)ی ڕاگەیاند:که "مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی داتاکان تەواو دەبن، بۆ ئەوەی مووچەی فەرمانبەرانی ئەو ناوچەیە ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بدرێت و ئەم پرسەیە پێویستی بە کاتە و ئاسان نییە، هەر لەبەر ئەوەش لە بودجەی ساڵی داهاتوو و لە پشکی هەرێمەوە پارە ڕەوانەی هەرێم دەکرێت بۆ پێدانی مووچە".